چاوپێکەوتن

فەرید زامدار:

# شیعر پرۆسەیەکی دەستەجەمعی نییە

سازدانی: نەوشەفەق

ئیمپراتۆرییەتی شیعر
چەند پایتەختێکی هەن،
وەک پایتەختی خەیاڵ و
پایتەختی فیکر و
پایتەختی روانین و
پایتەختی قەڵەم،
دەتوانن لە کۆتادا
شاپایتەختی داهێنان
بەرهەم بهێنن



فەرید زامدار چەندین کۆمەڵە شیعری چاپ کردووە و لە ساڵانی حەفتاکانەوە تا ئێستا خەریکی نووسینی شیعرە، هاوکاتیش چەندین کتێبی خستووەتە نێو کتێبخانەی کوردییەوە. ئەم شاعیرە بە چەند قۆناغێکدا تێ پەڕیوە و هەمیشە بە تەنیا، وەک لەم دیمانەیەی کۆواری "نەوشەفەق"دا ئاماژەی بۆ کردووە، دوور لە هەموو گرووپەکانەوە درێژەی بە رەوتی ئەزموونی خۆی داوە. لە ساڵی ٢٠٠٧دا کۆشیعری خۆی، واتا «نیو نوقتە لە ژێر نیودا» چاپ کردووە و "لەتیف هەڵمەت"ی شاعیریش لە پێشەکیی کتێبەکەیەوە و لە بارەی ئەو ئەزموونەوە دەڵێت: "دەنگێکی نوێخواز و دیارە لە جوگرافیای شیعری نوێی کوردیدا، بەردەوام لە تاقیگەی ئەزموونگەری شیعریدایە، لەم ئەزموونەوە بۆ ئەوی تر دەڕوا"، هەروەها "یووسف حەیدەری"ش دەڵێت: "شیعرەکانی بە جیهانبینییەکی نائاساییەوە دەنووسێت". لەم دیمانەیەدا بۆ کۆواری نەوشەفەق، تیشک دەخاتە سەر کۆمەڵێ باس، کە پێوەندییان بە ئەدەب و رۆشنبیرییەوە هەیە.

**مەرج نییە هەموو سەفەر و گەڕان و شوێنگۆڕینێک ببن بە هۆکاری داهێنان**

داهێنان بە گرووپگەرایی سەر هەڵنادات، بەڵکو پرۆسەیەکی تاکگەرایی و هێمنە و لە ناوەوەی تاکەوە بۆ نێو کۆمەڵ و گرووپەکان دەڕوات.

**ئەو شاعیرانەی بەهرەی گەورە و خۆڕسک و پەروەردەکارانەیان هەیە، دەبێ خاوەنی سەقفی رۆشنبیری و فیکری تیژی زەمەنبڕی پڕ دەنگ و رەنگ بن**

* وەکو زۆربەی شاعیرانی کورد، یەکەم بەرهەمی بڵاوکراوەت لە ئاستێکی باشدا نییە، کەچی خستووتەتە نێو کۆشیعرەکەتەوە. لە کاتی کۆکردنەوەی شیعرەکانت، بۆچی دەستکاریی یەکەم کۆمەڵە شیعرت نەکرد، لە کاتێکدا زۆربەی شاعیران ئەمە دەکەن؟

- برووسکەی هەوری مەبەستێک یەکەمین کۆمەڵە شیعری چاپکراوم بووە لە ساڵی ١٩٧٣دا، دیارە لە هەوڵە

سەرەتاییەکانی هەڵچوونی شیعریمە و لێشی پەشیمان نیم، تەنانەت دەستکاریی هیچ شیعرێکیشیم نەکردووە ئەوکاتەی خستوومەتە نێو کۆشیعرەکەمەوە.

ئەگەرچی ئاستی شیعری کوردیی سەرەتای حەفتاکان هەر لە ئاستی کۆمەڵە شیعری "برووسکەی هەورە مەبەستێک"دا بووە و منیش بە هەناسەکانی ئەوکات شیعرەکانم نووسیون و تەماشایان دەکەم، بەڵام لێتی ناشارمەوە و لە بیرمە ئەوسا، هەر یەکێک لە "پیربال مەحموود" و "عەبدولغەنی عەلی یەحیا" بە عەرەبی سەرنجی خۆیان لە بارەیەوە نووسی، کە یەکەمیان لە کۆواری "ئەلسەقافە ئەلجەدیدە" و ئەوی تریشیانم لە بیر نەماوە.

جودا لەمانەش، لە رۆژنامەی "هاوکاری" و کۆمەڵێک رۆژنامە و کۆواری تردا، هەواڵی بڵاوبوونەوەی ئەم کۆمەڵە شیعرەمیان بە خوێنەر و نووسەران راگەیاند، هاوکاتیش لە کۆڕ و کۆبوونەوە فەرهەنگییەکانی نێو نووسەر و خوێنەراندا تیشکی زۆری دەخرایە سەر، دواتریش هەر لە بارەی شیعرەکانمەوە، نازم دڵبەند وتووێژێکی ورد و درێژی لەگەڵدا کردم و لە ساڵی ١٩٧٤، لە رۆژنامەی "هاوکاری"دا بڵاو بووەوە.

* ئایا گۆڕینی (شوێن)ەکان، تا چ ئاستێک کاریگەریی هەیە لە سەر فراوانبوونی جیهانبینیی تۆ وەکو شاعیر و کرانەوەی دەرگەی تر بە رووی ئەزموونەکانتدا؟

– سەفەر و گەڕان و گۆڕینی شوێنی جوگرافی بۆ نووسەران و شاعیران بایەخی تایبەت بە خۆی هەیە و فێری کۆمەڵێک ئەزموونی نوێیان دەکات و دیدگاشیان فراوانتر دەکات، بۆ دیتنی دەوروبەر و شوێنەکان و دنیا و هەموو ئەو شتە وردانەی هەن لە دەوروبەری مرۆدا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا مەرج نییە هەموو سەفەر و گەڕان و شوێنگۆڕینێک ببن بە هۆکاری داهێنان، یانیش داهێنانی نوێتر لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی شیعردا، ئەگەر خودی شاعیر لە سەرەتادا داهێنەر نەبووبێت. جیهانبینیی هەر شاعیر و داهێنەرێک، سەرچاوەکەی بۆ گۆڕینی شوێن و گەڕان و سووڕان نییە، بەڵکو ئەگەر هاتوو کەسایەتیی تاکەکەس داهێنەر بێت، ئەوا ئەو کەسە لە نێو کوخ یان ژوورێکیشدا بێت، کێشەیەک نانێتەوە و بەردەوام دەبێت لە پرۆسەی داهێنانی تاکەکەسییانەی خۆیدا.

شاعیرانی داهێنەر، دەتوانن بە کۆمەڵێک خەیاڵ و وردبینیی لە دیتن و فیکری گەورەیانەوە بەردەوام لە مومارەسەکردنی داهێناندا بن، بەردەوام لە نێو کۆمەڵێک

دڵەڕاوکێی قووڵ و لە بننەهاتوودا پەل بهاوێن و بەرهەمی بیرکردنەوە و خوێندنەوەکانیان بخەنە بەردەستی خوێنەرانیانەوە. ئەو شاعیرانەی بەهرەی گەورە و خۆڕسک و پەروەردەکارانەیان هەیە، دەبێ خاوەنی سەقفی رۆشنبیری و فیکری تیژی زەمەنبڕی پڕ دەنگ و رەنگ بن، لە هەمان کاتیشدا فیکر و هەست و نەستێکی گەردوونیش لە نێو دەروونیدا لە هاتوچۆدا بن.

لە کن من ئیمپراتۆرییەتی شیعر چەند پایتەختێکی هەن، وەک "پایتەختی خەیاڵ" و "پایتەختی فیکر" و "پایتەختی روانین" و "پایتەختی قەڵەم"، کە هەموو ئەو پایتەختانەی لە سەرەوەدا ئاماژەم بۆ کردن، دەتوانن لە کۆتادا شاپایتەختی داهێنان بەرهەم بهێنن.

**نووسین و شێوەکاری، بە دوو زەریا دەزانم کە تێکەڵ بە یەکتری دەبن و لە ئەنجامیشدا جوانیم پێ دەبەخشن**

* هۆکار چییە کە لە پاڵ شیعردا، ئیش لەسەر هونەری شێوەکاریش دەکەیت، هاوکاتیش دەکرێت بپرسم کە ئەم دوو هونەرە، واتا "هونەری شیعر" و هونەری شێوەکاری، تا چ ئاستێک کاریگەرییان بە سەر یەکترییەوە هەبووە؟

– شیعر باڵندەیەکی نادیار و ئازادە، قەڵەمی هیچ شاعیرێک ناتوانێت راوی بکات و بیگرێت، ئەگەر بێتو خۆی لەو کات و ساتە نادیارانەی خۆیدا دەرنەکەوێت و نهێنییەکانی ئاشکرا نەکات. شیعر بۆ من تا ئێستا ئەو نهێنییانەی پاراستووە و بۆ خۆشم نەمتوانیوە پەی بە زۆربەی نهێنییەکان ببەم، چونکە پێم وایە کاتێک شاعیر توانیی هەموویان بدۆزێتەوە، یان کەشفیان بکات، ئیتر ناتوانێت لە پرۆسەی نووسینی شیعردا بەردەوام بێت.

**لەگەڵ نووسینی هەر شیعرێک، چەندین جار لە خۆم جودا دەبمەوە و چەندین جاریش بەرەنگاریی خۆکوشتنێکی لەسەرەخۆ دەبمەوە**

بە نیسبەت هونەری شێوەکاریشەوە، پێم وایە ئەم هونەرە باڵندەیەکی ئازاد و نادیاری ترە، کە گەردوون پەی دەکات و لە سووچە نادیارەکان و روانینە رەنگاورەنگەکانی هونەرمەندەوە هەڵدەقوڵێت و بە هێمنییە گەردوونییەکان، ئاشنای دەکات.

لە نێوان فڵچە و قەڵەم و کاغەز و وشە و رەنگدا، گەردوونێکی نوێ لە نێو دەستەکانمدا دەتەقێتەوە و جارێکی تر لە دایک دەبێت. پێوەندییەکی لەمێژینە و پتەو لە نێوان من و وشە و رەنگدا هەیە، هەردوو هونەرەکەش، واتا نووسین و شێوەکاری، بە دوو زەریا دەزانم کە تێکەڵ بە یەکتری دەبن و لە ئەنجامیشدا جوانیم پێ دەبەخشن، گرینگیی ئەو جوانییەش لەوەدایە کە هەم تێکەڵ بە ناخمە، هەمیش لە سەرچاوەیەکەوە کە روانینمە، دروست دەبێت.

* لەسەر بەرگی کتێبی "ئەنیما مۆندی"دا نووسیوتە: "جیابوونەوەیەکی ترە لە تاوانەکانی تری شیعر، دەقێکی هێرشبەرە". ئەگەر دەتوانیت بە وردی ئەمەمان بۆ روون بکەرەوە کە مەبەستت چییە؟

- من بۆ خۆم، هەرچەندە حەز لە لێکدانەوەی هیچ بەرهەمێکی شیعریم، یان تابلۆیەکی شێوەکاریم ناکەم، بەڵام لێرەدا هەوڵ دەدەم بۆ ئێوە و خوێنەران لە کۆمەڵێک باس بدوێم، کە هەم پێوەندییان بە شیعر و هەمیش هونەرەکەمەوە، هەیە.

من لەگەڵ نووسینی هەر شیعرێک، چەندین جار لە خۆم جودا دەبمەوە و چەندین جاریش بەرەنگاریی خۆکوشتنێکی لەسەرەخۆ دەبمەوە، لە شیعرێکی ساڵانی هەشتاشدا گوتوومە: "لەگەڵ نووسینی هەر شیعرێک جارێک دەمرم"، واتا لە ژیانمدا چەند شیعرم نووسیون، هێندە جارەش مردووم، یان کەوتوومەتە نێو پرۆسەی خۆکوشتنەوە و کۆتاییم بە زیندوێتی هێناوە، کەواتە لێرەدا دەرکەوت کە سەدان جار تاوانم بەرامبەر بە خودی خۆم کردووە و لە ئەزموونیشمدا بەرپرسیارێتم بەوپەڕی قورسییەکەیەوە وەرگرتووە.

لە دەقی شیعریشدا من لەمێژە کلیلی دەقم هەبووە، یان ناوی دەق کلیل بووە بۆ خوێنەر، بۆ ئەم سەرنجەشم، دەتوانن تەماشای نێونیشانی هەر یەکێک لە دەقەکانی "دەقی هێرشبەر" و "دەقی راکردوو" و "دەقی بێدەنگ" و "دەقی تاوانبار" و "دەقی باڵگرتوو" و ئەوانی تر بکەن، کە دەبینین هەر یەکێکیان نێونیشانی تایبەتیان هەیە و ئەگەر خوێنەریش مەبەستی بێت، دەتوانێت بە دوای کۆدی دەقەکانەوە بێ و بیاندۆزێتەوە.

دواجاریش، وەکو لە سەرەتادا گوتم، روونکردنەوە لەلایەن خودی شاعیرەوە پێویست

نییە، بەڵکو ئەوە گرینگە کە خـودی خـوێنەر بە دوای ئەو لایەنە تاریک و ڕۆشنانەی دەقدا بگەڕێت، کە پێی وایە پـێویسـتن و هێشـتا درکی پێ نەکردوون، یان پێیان ئاشنا بووە، بەڵام پێویستی بە لێکدانەوەی زیاتر هەیە.

* لە شـیعـری تۆدا گێڕانەوە پانتـاییـیـەکی بەرفراوانی داگیـر کردووە، لێرەوە پێویسـتـە ئەوە بپرسـین کە هـەوڵی چیرۆکنووسـین، یان ڕۆمـاننووسـینت هەبووە، یانیش ئـایا ئەم دوو ژانرەت پتر خـوێندووەتەوە لە شـیـعر و یـاداشت و کتـێبی فیکری و فەلسەفی و هونەری و ژانرەکانی تر؟

– چەند هەوڵێکی چیرۆکنووسـینم هەبووە و هەن. لە سـاڵی ١٩٦٩دا یەکەمین چیرۆکم بە نێونیشـانی "ئەنجامی خۆشـەویستی" نووسی، هەر لە هـەمان سـاڵیشدا مۆڵەتی چاپکردنی کتێبەکەم وەرگرت، بەڵام بە داخەوە کۆی چیرۆکەکەم ون کرد و نەمدۆزییەوە.

هەڵبەتـە ئەو چیرۆکە درێژ بـوو، لە بیریشـمـە بیروڕا و سـەرنج و تێبـینییـە ڕەخنەییـەکانی ئەم شـاعیـرانەی لە بارەوە نووسـرابوو: عـەبدوڵا پەشـێو، جـەمیـل ڕەنجبـەر، سـابیر گۆران، هیـوا سەرهەنگ، سـەعدوڵا پەرۆش. من هـەر لە سـەرەتای هـەرزەکاریمەوە ئاشقی بێجگە لە شیعر، ڕۆمان و چیرۆک و فەلسـەفە و یاداشت و مێژووی هونەری شێوەکاری و کۆمـەڵێک لایەنی تری وەها بووم، کە پێوەندییـان بە خولیـامـەوە هـەبوو و دەیانتـوانی سـەرنجم بە لای خۆیاندا بە کێش بکەن.

لە بیـرمـە تا درەنگانـی شـەو بە خـوێندنەوەی ئەو جـۆرە کتـێـبـانەوە خـەریک دەبووم، تا ئێستـاش لەو بوارانەی باسم کردن، تێر نابم و بەردەوامم لە خوێندنەوەیان، بە هەمـان ئەو تینەی کە ئەوسا لە دەروونمەوە قوڵپی دەدا.

* گـرووپی ڕوانگە تەوژمـێکی ئەدەبی- سـیـاسـی بـوو، تۆ تا چ ئاسـتێک لەگـەڵ بانگەشـە و بۆچوونەکانیـان هاوڕا بوویت؟ ئەدی ئەوانـەی لە هەولێر هاوڕوانینی ئەم گرووپە بوون، کێ بوون؟ لە دوای گرووپی ڕوانگەشـەوە، گرووپی شـاعیـرانی پێشـڕەو پەیدا بـوو، دواتریش گـرووپی وێران و گـرووپی ڕەهـەند و ئێسـتـایش کۆمـەڵە شـاعیـرانێک، دوور لە گرووپ، ئیش لەسـەر عـەبەسـییـەت و سـوریالیـزم دەکەن. تۆ ڕات چییە لە بارەی ئەم گرووپانەوە؟

– من بە هیچ شێوەیەک نە لەگەڵ گرووپی روانگە، نە لەگەڵ گرووپە ئەدەبییەکانی دوای روانگەدا، هاوڕوانین نەبووم و نیم، هەرگیز بڕواشم بەوە نەبووە و نییە.

هەمیشە تاکڕەوانە بیرم کردووەتەوە و بەرهەمی خۆم وەکو تاکێک پێشکێش کردووە، چونکە داهێنان بە تایبەت لە شیعردا، بە گرووپگەرایی سەرهەڵنادات، بەڵکو پرۆسەیەکی تاکگەرایی و هێمنە و لە ناوەوەی تاکەکەوە بۆ نێو کۆمەڵ و گرووپەکان دەڕوات، نەک بە پێچەوانەوە. هەر جۆرە گرووپێک و لە هەر وڵات و شوێنێک بێت، لە دوای دروستبوونی، هەڵدەوەشێتەوە و کاریگەرییەکی وەهای نابێت، کە بەرهەمی شاعیرێکی داهێنەر بە تەنیا دەیبێت، ئەمەش بۆیە روو دەدات، چونکە شیعر پرۆسەیەکی دەستەجەمعی نییە.

* ئێستا تەرزێک لە نووسین سەری هەڵداوە، کە نەچیرۆک و نە پەخشان و نە شیعر و نە شانۆ، بە کورتی سەر بە هیچ رەهەندێکی نووسین نییە، بەڵکو جۆرێکە لە دەرچوون لە هەموو سنوورەکان، نووسەرەکانی ئەم تەرزە نووسینەش، تەنیا گەنجەکانی دوای ساڵی ٢٠٠٠ن. ئایا تۆ ئاگەداریت لەم جۆرە نووسینانە؟

– هەر هەوڵێکی جدی، کە بۆ نۆژەنگەرایی و شکاندنی شێوازە باو و کۆنەکانی بیرکردنەوە و روانین و لایەنەکانی ئەمانە بێت، سەرەتایە بۆ داهێنانێکی نوێ و بە پیتتر، بەڵام هەردەم دەبێت ئەوەمان لە بەرچاوبێت کە داهێنان پرۆسەیەکی هێمنە و دوور لە موهاتەرات و بە وردی ئیشکردن بۆ ئەم پرۆسەیە، دەتوانین پێی بگەین.

هەر نووسینێک، کە دوور بوو لە سەرلێشێوانی ئەدەبی و فرۆشتنی هەرزان و لە هەوڵداندا بوو بۆ گوتنی شتی جیاواز و

جوانتر، دەكرێت چاوەڕێی داهاتووی پڕشنگداری لێ بكەین. هەموو بوارەكانی داهێنان پێوەندییان بە یەكترییەوە هەیە، بەڵام تەنیا داهێنەر دەتوانێت ئەو رایەڵانە بدۆزێتەوە، كە بنیات بۆ پێوەندییەكان دادەمەزرێنن و درێژەیان پێ دەدات، نەک هەركەسێک كە قەڵەمی گرتە دەست و گوتی نووسەر، یان شاعیرم.

ئەو جۆرە نووسینانەش، كە لە پرسیارەكەتدا ئاماژەت بۆ كردوون، ئاگەداری هیچیان نیم، بۆیە بە هیچ شێوەیەک ناتوانم لە بارەیانەوە بدوێم، یاخۆ هەڵوێستەیان لەسەر بكەم.

شیعری كوردی توانیویەتی خۆی لە قەرەی پرسیاركردن لە بارە و لە جەوهەری هەندێک مەسەلەی گرینگدا بێت، بۆ نموونە پرسێكی گرینگی وەكو بوون (وجود)؟

"وجود" پرەنسیپێكی فیكری و فەلسەفییە، هەر لە كۆنەوە فەیلەسووفە رۆژئاواییەكان و دیارترینیشیان "ژان پۆل سارتر"ە، كە بە وردی ئیشی لەسەر لایەنەكانی ئەم رێبازە قووڵ و فەلسەفییە كردووە و توانیویەتی بە كۆمەڵێک شتمان ئاشنا بكات، كە تا زەمەنێكی درێژتر لە تەمەنی ئێمەش، رەنگە زۆرێک لە روانینەكانی وەک پێویستییەكی حاشاهەڵنەگر تەماشا بكرێت و لە بارەیانە بنووسرێت و بگوترێت و سوودیان لێ وەربگیردرێت.

بە رای من، ئەو داهێنانەی لە پرۆسەی شیعرنووسینەوە سەرچاوە دەگرێت، بە تەنیا لە وجودەوە سەرچاوە ناگرێت، چونكە ئەوە لە توانای شیعردا هەیە كە هەموو بوارەكانی مەعریفە و فەلسەفە و لایەنەكانی تری فیكر، بە لێزانییەوە تێكەڵ بە خۆی بكات و خزمەت بە خودی پرۆسەی نووسینی بەرپرسیارانەش بكات، ئەویش كە باسی دەكەم، لە كاتێكدا گونجاوە، كە خزمەت بە داهێنان بكات، نەک تەنیا یەک لایەن.